# پیری دەریا

هۆنراوەی :
صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)



# پیری دەریا

هۆنراوەی :

صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە)

بسم الله الرحمن الرحیم



# پیر دریا

سروده : صدیق صفی زاده ( بوره‌که‌یی )

چاپ اول : بهار ۱۳۶۹

چاپخانه : حیدری

تیراژ : سه‌هزار جلد

حق چاپ وتقلید محفوظ است

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناوەڕۆک | ١ |
| پێشەکی | ٢ |
| پەسەندی خوا | ٣ |
| پیری دەریا | ٤ |
| سەبارەت بە ئەوین | ١١ |
| سەبارەت بە ژیان | ١٢ |
| سەبارەت بە دایک | ١٣ |
| سەبارەت بە منداڵ | ١٤ |
| سەبارەت بە نیشتمان | ١٥ |
| سەبارەت بە زانست | ١٦ |
| سەبارەت بە کار | ١٧ |
| سەبارەت بە قسە | ١٨ |
| سەبارەت بە شادی و خەم | ١٨ |
| سەبارەت بە گوناح | ١٩ |
| سەبارەت بە ئازادی | ٢٠ |
| سەبارەت بە مەرگ | ٢١ |
| فەرهەنگۆک | ٢٣ |

به ناوی خوای مەزن

## پێشەکی

**********

هەندێ جار کارەساتێکی تازە ئەقەومێ کە ئەو کارەساتە ژیانی بنیادەم ئەگۆڕێ و رووناکی پێ ئەبەخشێ و کلاورۆژنەیێکی نوێ بۆ مرۆ کە شارستانیەت و ژیاری لەرێ ی بەختەوەری راستەقینەدا دەرچووە، ئەکاتەوەو گەلێ شتی پێ پیشان ئەدا، وەکوو ئەم خەوەی من کە گەلێ شتی تیا دەرئەکەوێ و هەژدەساڵ لەمەو پێش کە فرێشتەی بەختم تۆرا بوو، دیومەو ئەوسا رێگای ژیانم گۆڕاوەو هەر لەو کاتەدا بە هۆنراوی هەشت هیجایی هۆنیومەتەوە وە من لە ئێوە خوێندەوارانی خۆشەویستم ئەوێ کە بەوردی بیخوێننەوە، ئەگەر بە کەڵک بوو، ئەوا ئێوەش بەهرە و کەڵکی لێ وەرئەگرن.

وە ئەگەر هەر کەڵکی بۆتان نەبوو، هیچ نەبێ بە زمانی کوردی یەو ئەتوانن لە وشەکانی کەڵک وەرگرن، چونکە هەر گەل و نەتەوەیێک بە زمان و وێژە زیندووە، وە نەتەوەیێک کە زمان و وێژەی نەبێ وەکوو مردوو وایە. هیوادارم کە خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد بە چاوی کڕیار پێ ی بنۆڕن. جا ئەگەر شیرین بوو یان تاڵ، هەر ئەوەم لە وزەدا بووەو ئەوەم بۆ کراوە.

تاران - مانگی رێ بەندان ١٣٦٤

صدێق بۆرەکەیی (صفی زادە)

## ( پەسەندی خوا )

سەری نامەم بە ناو تۆیە   بە بێ تۆ دڵ رەنجە رۆیە
هەر تۆ بەرزو نەوی و لێژی   رۆژی دەری زاناو گێژی
هەر تۆ ون و هەم دیاری   هەر تۆ بۆ گشت کەسێ یاری
هەر تۆ وەکوو شەم رووناکی   هەر تۆ تەنیاو پاکو تاکی
هەر تۆ ئەوین ئەخەیتە دڵ   هەر تۆی کە دڵ دێنیتە کوڵ
هەر تۆ سۆما ئەدەیتە چاو   هەر تۆ گراو ئەخەیتە داو
هەر تۆی کە رەنگ ئەدەیتە گوڵ   تا بچریکێنێ بۆی بوڵبوڵ
هەر تۆ بای زین ئەکەیتە شەکر   مەمیش ئەدەیتە کوشتی بەکر
هەر تۆی وەئەوش ئەکەی گراو   شاکەی هەژار ئەخەیتە داو
هەر تۆی شیرین ئەکەی شیرین   پەروێز ئەدەیتە کوشتلە ژین
هەر تۆی دڵی لەیل ئەکەیکەیل   مەجنوون ئەخەیتە دەشت دوجەیل
وامێق دیارە لە بۆ عەزرا   تۆ ختە داو دڵی درزا
هەرکەت بوێ بەزەت پیا دێ   بەرزی ئەکەی،ئەیخەیتە رێ
مەشیە لە قوڕ دروست ئەکەی   رێزی ئەهریمەن تیا ئەبەی
زەڕدەشت لە مادەوە دێنی   خەمی دەروونی ئەڕوێنی
پێغەمبەری ئاخر زەمان   خێرا ئەیبەیتە ئاسمان
ئەوسا دێنیتیەوە زەمین   تاکوو برەو بدا بە دین
بێ دین ئەبێ خەم بچێژێ   "صدێق" ئەبێ چی تر بێژێ

# بیری دەریا

ڕۆژێ خەوتم بە ئارامی    دڵم شادی بوو بە کامی
خەونێکم دی خەونێکی خۆش    هەرگیز نایکەمئەز فەرامۆش
لە خەودا دیم خەفەتبارم    خەفەت ئەخۆم لە بۆ یارم
کەوتمە ڕێوە بە ناخۆشی    بادەی خەمم ئەوسا نۆشی
ڕۆیم هەتا کەنار زریە    دەستم کردە زاری و گریە
بۆ بەختی خۆم گەلێ گریام    لەم خەوەش دا ئەمن وریام
ئەبۆلی ئاو ئەهاتە لام    پرسی ئەکرد ئەمدا وەڵام
لەپڕ پیاوێ بەدەستو برد    خێرا هاتو دوو دەستمی گرد
ڕوانیم ئەو پیاوە ناخوایە    وتی : بۆ کوێ بەم هەوایە؟
نابێ بڕۆی ڕێگەت نیە    ئەڕۆی بۆ کوێو ویستت چیە؟
دەستووریان بە من نەداوە    کە تۆ دەرکەم لە ئەم داوە
وتم ناخوای ڕدێن درێژ    لێم گەڕێ با بڕۆم بە چێژ
داوی چی و دەستووری چی ؟    مامم بە من داویە کچی
ئێستا من کاتی شادیمە    ئەمە ڕۆژی ئازادیمە
ئەڕۆم تا بە ئامانج بگەم    نەسرەوەمو شادی بکەم
گوتی : ئەڵێم نابێ بڕۆی    بۆچی ئەتۆ ئەوەند تڕۆی؟
کاتێ زانیم کە ئەو پیاوە    ناهێڵێ دەرچم لەو ئاوە
مشتێکم داوە قەپۆزی    کەوتە زەوی و سەری تۆزی
بە هەڵاتن ڕۆیشتمە سەر    دی لە دڵما نەما کەسەر
ڕوانیم هەموو هەڵئەپەڕن    بۆ بیستنی قسە کەڕن
گشتیان لە ناوشادیو خۆشین    لە بۆ خۆشی تێ ئەکۆشین
دەستەو پۆلی کچانی جوان    لە بۆ کوڕان خۆیان ئەنوان

بەلەنجەو لار ئەهاتن دوان        بۆ دڵەکەم بوونە هەتوان
کچ و کوڕو هەم پیاوو ژن        جووبوونە ناو شادی بێ بن
ئومەز ئەمە زەماوەندە        وا دڵی خەڵکی پێ بەندە
بۆم دەرکەوت کەماسی پەستم        داویەتە شوو یار چاو مەستم
ئیتر ترسام چوومە شوێنێ        خۆم شاردەوە کەس نەمبینێ
ئارامم گرت لە جێگەی خۆم        وتم هیوا بە هیوای تۆم
ئەو شەو لەوێ خۆم شاردەوە        بادەی خەمم هەر خواردەوە
ئەوانیش بە بادە نۆشین        بۆ ئارەزووی خۆیان کۆشین
لە دوای بەزمو شایی وکۆبەند        لە دوای هەرای زۆرو زەبەند
راکشان گشت کە چوونە خەو        منیش نووستم لە باوەش شەو

* * * *

دەمی بوولێڵ لەخەو هەستان        کەوتنە خۆیان گشت چاومەستان
بە گۆرانی و چەپڵەڕێزان        دڵی لاویان کرد ئاوێزان
خڕ بوونەخوار شان بەشان یەک        هەڵئەپەڕین بەرەشبەڵەک
ئەوسا چوونە کەنار دەریا        لە هەرایان ئەز بووم وریا
خێرا منیش زوو کەوتمە خۆم        وبستم لەوێ دەرچم بڕۆم
چوومە خوارەو بە پەلە پەل        دیم جەنجاڵن بۆم بووە هەل
جەکم هەڵگرت لە بەرچاویان        نەمیانناسی چوومە ناویان
لەپڕ هەموو سوار کەشتی بوون        نەمئەزانی بۆ کوێ ئەچوون
منش چاوم بڕیە ئەوان        سوار بووم بە بێ تیرو کەوان
خۆم شاردەوە لە قوژبنێ        کەوتمە ناو بیری بێ بنێ
کەشتی رۆیی بە ناو ئاوا        کەم کەم ون بوو لە بەرچاوا
ئەزیش سەیری دەریام ئەکرد        سەیری لووتکەو چیام ئەکرد
سەیر نەهەنگ و ماسیم ئەکرد        سەیری دەشتو راسبم ئەکرد
کەشتی رۆیشت هەر بە هێدی        لە کەناری کەژو بێدی،

لەپڕ دای لە کێوێ بەفرین   وێستاو هەموو کەوتنە نفرین
گشت پەشۆکان ، کەلێ ترسان   پەژارەیان لە دڵ گرسان
ئەوسا هەموو نزایان کرد   پەنایان بۆ خوای مەزن برد
پاڕانەوە لە خوای زانا   هەموو کەوتنە نزاو هانا
بەڵکوو رزگار ببن لە خەم   لە دڵیان دەربچێ وەرهەم
منیش ترسام کەلێ لە خۆم   وتم چی بکەم بۆ کوێ بڕۆم
پاشان وتم نە ناڕەنجم   ناهەمێ نابم خۆ من گەنجم
بۆ بترسم خۆ من لاوم   کوڕە کوردی کەژو کاوم
هەر بە هیوای هیوای خۆمم   کوڕی دەشت و چیاو جۆمم
نە ناترسم ترس یانێ چی   مامم بە من داویە کچی
ئەبی چاوم پێ بکەوێ   ئەوسا خەمی دڵ بڕەوێ
لەم کاتەدا گشت دابەزین   لەبەر سەرما ساتێ تەزین
پاشان بە بێڵ و پاچ هەموو   ئەو بەفرەیان لادا ج زوو
ئەوسا گشتیان چوونەوە سەر   لە دڵیان دی نەما کەسەر
کەشتی رێگەی کرایەوە   پەردەکەیان هەڵدایەوە
ئیتر کەم کەم کەوتە رێوە   منیش مابووم بە سەر پێوە
کاتێ شەو هات گشت چوونە خەو   بە ئارامی خەوتن ئەو شەو

* * * *

کە رۆژ بووەو خۆر لە ئاسۆ   هەڵات تیشکی کەم کەم لە نۆ
تیشکی تا بن دەریا ئەچوو   گێتی دیسان رۆشنەو بوو
لە پڕ هەورێ رەش هات خێرا   ئەم کەتنەیە دیسان گێڕا
ئەوەند باری بووە لێمشت   کەشتی یەکەمان زوو زووئەنیشت
شەپۆلی ئاو ئەیدا لە خەڵک   پاڕانەوە هیچ نەیبوو کەڵک
لەپڕ بووە دەنگ و هەرا   پەردەی کەشتی زوو داخرا

هەندێ تەڕ بوون،هەندێ بە تاو    تلانەوەو کەوتنە ناو ئاو

هەندێ بە ناو یەکا هاڵان    هەندێ بەلەز کەوتنە تاڵان

هەندێ چاوی خۆیان قووچان    هەندێ دایان پشوو وچان

منیش خۆمم راگرت لەوێ    هەتا هاتە سەرما شەوێ

باوو تۆفانیش دی نەما    دڵیش ئەهوەن بوو لە خەما

دیم هەندێ زۆر گیژو کاسن    ئەڕۆن یەکتر هیچ ناناسن

لەپڕ چەند کیژی چاو بەڵەک    لەبەریان بوو پێستی دەڵەک

هاتن دەستیان کردە سەما    تۆفان لە بیر کەسا نەما

هێندە هاتن کیژی جووان    لاوان خۆیان لەوێ نووان

کڕیار لەوێ هەر جووان بوو    جوانیش وەکوو ئەرخەوان بوو

ئەستێرەکانی ئاسمان    گەڕان لەبەر چاوا نەمان

مانگیش تاو تاو هەر ئەگەڕا    ئەتوت سەربازە لە شەڕا

هەر کوێت ئەڕوانی دی ئاوبوو    ماسی و نەهەنگ تیایا ئەچوو

ئاوی دەریاش راوەستا بوو    شنە شنی باش هەستا بوو

ئەو سا هەموو نووستین لەشەو    بەیانی زوو هەلساین لە خەو



کەشتی یەکەمان کەوتە رێ،    ئەزیش وێستام بە سەر پێوە

نەمدەزانی ئامانجی خۆم    بۆچی لێرەم بۆ کوێ ئەڕۆم

ئەمە چی بوو دای بە سەرما    نە دڵم ما نەکوو سەرما

ئەمە چی بوو دڵ و جەرگم    ئێستا خوێنینە پێ بەرگم

ئەمە چی بوو لێو بە بارم    باری خەفەت بوو بە بارم

ئەمە چی بوو چارە رەشم    خەمو کەسەر بوو بە بەشم

ئەمە چی بوو دڵ بێ حاڵ بوو    بۆ گوڵەکەم ژینم تاڵ بوو

بۆچی دڵم ئارام نابێ    لەبەر چی کە هەر رام نابێ

لەم بیرە دا ئەتلامەوە          بە دەردی خۆم ئەگلامەوە
لەپڕ بووە هەراو قیژە          دیم کە قیژەی کوڕو کیژە
کاتێ سەرم کە هەڵبڕی          کۆترێک لە بەردەمما فڕی
بەڵام گەلێ گەورەو گەپ بوو          بەختی رەشیشمان هەرچەپ بوو
پاڕاینەوە لە خوای گەورە          دیمان هەوا دیسان هەورە
لەپڕ بووە بەفرو تەرزە          دیمان شەپۆلی ئاو بەرزە
کەشتی یەکەمان وێستا خێرا          داوێتری بۆمان گێڕا
بەفرو تەرزەش ئەو رۆ دایدا          دیمان سەهۆڵ رێگە نادا
دی بە جارێ هەموو گێژبووین          لە چەقی ئەو رێ درێژ بووین
لەم کاتەدا لە پڕ بازێ          دیمان بە خۆی هەر ئەنازێ
هاتو نیشتە بان سەر ناخوا          ناخوای خستو رۆیشتە دوا
ئەفڕی لەم لاوە بۆ ئەولا          بازی چی تۆ بڵێ بەڵا
دەمی کردەو هەر وەک نەهەنگ          چەشنی کەسێ بێ بکا جەنگ
بە هێماوە زۆر بوو برسی          لە هیچ کەسیش نەئەترسی
رانێ گۆشتی نەرمو تازە          هاتن دایان بە ئەو بازە
بەو گۆشتیشە هەر تێر نەبوو          سەیرە باز بووخۆ شێر نەبوو
سەرەک کەشتی وتی مەردم          ئەم بازە رزگاری کردم
ئەم بازە بۆ ئێمە خێرە          خێری پێکەن دەسا دێرە
دیارە فرێشتەیە پاکە          پەرا بەم بازە زۆر چاکە
رێنمایە شادی ژینە          دیارە کە رێبەری دینە
دیارە پەیامبەر شابازە          رێزی بگرن زۆر بە نازە
لەپڕ کەشتی کەوتە رێوە          منیش وێستام بەسەر پێوە
تەمو مژو هەوریش لاچوو          ئاوی دەریاش کەمێ داچوو
ناخوا وتی چیتان ئەوێ          شەو هات دیسان خەوتین لەوێ

* * *

دەمی بەیانی کە رابووین          هەموو بۆ لای بازەکە چووین
لەپڕ مژ هات گۆی داپۆشی          لە دڵ نەما شادی و خۆشی
گێتی خێرا تارو رەش بوو          بازیش لە خواردن بێ‌بەش‌بوو
کەشتی لەپڕ دیسان وێسا          قیژەو هاواری خەڵک هەڵسا
وتیان دیارە کەسێک لێرە          گوناهکارو زۆر بێ خێرە
ئەبێ خێرا خۆی باتە دەس          تا نەبێتە هۆی چەندین کەس
کاتێ بیستم ئەم قسانە          وتم بە خوا لە راسیانە
گەلێ ترسام لە گیانی خۆم          وتم ئێستا بۆ کوێ بڕۆم
رێگەی رزگار بوونم نیە          بە خوا دی دەرچوونم نیە
ئیتر کەوتمە ناو ئەندێشە          وتم بۆ کەوتمە ناو کێشە ؟
بەڵام نابێ بم هەراسان          ترسم لە دڵی خۆم تاسان
وتم نە نە بەو خودایە          من ناترسم لەم هەرایە
ترسی چی خۆ ئەمن کوردم          لە ژیاندا گەلێ وردم
ئەوسا کەوتمە ناوکەڵکەڵە          وتم بۆ کەوتمە ناو تەڵە؟
دیارە نچی ئەم بازەیە          ئەم کارەم زۆر پێ تازەیە
وتم : ئەبێ زوو بیکوژم          چونکە گەلێ بۆتە دژم
هەڵسام زوو بە قۆچەقانی          بەردێکم خست ، ئەونەم زانی
بازەکە لەسەر کەوتە خوار          منیش خۆمم زوو دا حەشار
بە دەور خۆیا هەڵ بلۆقا          بە گیان دانەوە هەڵ چۆقا
هەموو کۆبوونەوە سەری          راوەستان لە دەورو بەری
وتیان ئەو پیاو کوژە بگرن          بە زیندوویی سەری ببڕن
لەپڕ کەشتی کەوتە هەژان          دڵم ئەهوەن بووەو لە ژان
بەڵام بە دووی من ئەگەڕان          وەک گورگێ خۆی مات‌بلبۆ ڕان

* * * *

هەموو شوێنێکیان پشکنی          هەموو جنێکیان وشکنی
لەپڕ هاتن پەیدامیان کرد          بۆ لای ناخوای کەشتیمیان برد
ناخوا وتی وژم، کاسم          سەیرە ئەمن تۆ ناناسم
لەبەرچی ئەو بازەتە کوشت          خوێنی ئەو مەلەت ئاوا رشت
دیارە ئەتۆ گوناهکاری          ئەبێ بمری بە ناچاری
من بێ دەنگ بووم لەئەوساتە          چونکە زانیم رۆی نەهاتە
خێرا منیان بەستە داێ          وتیان بابمرێ بە جارێ
ئیتر بەم جۆرە کەوتمە داو          چەند رۆ مامەو بێ نان و ئاو
سەیرە هەتاوسووربووەک خوێن          هەمووش بە من ئەیاندا جوێن
ئاسمان سووربووەکوو پەرەنگ          ئاوی دەریاش بووە چەند رەنگ
پەڵە هەورانی ئاسمان          ئەوانیش کەوتنە ئاوڕامان
لەپڕ بووە زیپ و تۆفان          ئاو هاژەی هات وەکوو تافان
کەشتی یەکە دیسان راوەستا          شەپۆلی ئاو رقی هەستا
هەموو کەوتنە زاری و گرین          رشتیان بە خوڕلە چاو ئەسرین
منیش لەوێ بەند کرابووم          بەو جۆرە شەتەک درابووم
پاڕامەوە لە خوای بان سەر          کە دەرمانکا لە ناو کەسەر
چەند رۆ ئاوا ماینەوە گشت          خەفەت ئێمەی بە جارێ کوشت
لە ناکاو دیم کەشتی یێکهات          خۆریش خێرا کەم کەم هەڵات
دیم کە کیژێکی تێدایە          روومەتی هەروەک چرایە
هاتە بەرەو گشت جوونە لای          روانیانە بەژن و باڵای
وتی زۆر سەیرە کە ئێوە          گەنجێکتان بەندە بە پێوە
هەر ئەو بووە رزگاریتان          سازێژی کرد دەرد کاریتان
بازەکەی کوشت بە دەست وبرد          ئێوەی لە گێچەڵ رزگار کرد
دەسا خێرا ئازادی کەن          دڵی خۆش کەن ،زووشادی کەن

درگای شادیم دی کراوە  رزگارم بوو لە ئەو داوە
ئەوسا کیژە ون بوو لە چاو  دڵم پڕی بوو لە زوخاو
لەپڕ دەریا بووە شەپۆل  هاتە دەر پیرێ نەرم و نۆڵ
تانجێ زێڕین لە سەریا بوو  کوتوومت لەو کیژە ئەچوو
هاتە بەرەو چەشنی سەروان  رووی تێمان کرد، هاتەدوان:
وتی ئێدی گشت آزاد بوون  خەمتان نەما هەموو شادبوون
رێگەتان بۆ کرایەوە  وەپیتان نەماو بڕایەوە
دی شەپۆلی دەریای ئازیز  جیاتان ناکاتەوە هەرگیز
منیش ئەوا پیری دەریام  هەر بۆ خاسی سرشت کریام
کیژەکەمم ناردە لاتان  تاکوو بەرزەو بێ ئاڵاتان
ئیتر ئێوە گەینە هیوا  هەموو بکەن سپاسی خوا
ئێستاش کەسێک پرسیاری بێ  یاکوو یارو نەیاری بێ
نەترسێ و بێ بیکا لە لام  تاکوو خێرا بدەم وەڵام
لەپڕ هەموو چوونە بەرەو  منیان لەوی خست بە سەرەو
بەڵام پیر بە دەنگێکی نەرم  وتی : لە خوا دی بکەن شەرم
ئەو کەسە وا بازەکەی کوشت  مافی هەیە بێت بەر لە گشت
چونکە ئەو ئێوەی کرد رزگار  سەرتانی خست لە رۆزگار

* * * *

ئەمن چوومە بەرەو بە شەرم  سڵاوم کرد سڵاوێ گەرم
وتم پیری دەریاو زەوین  بکە باسێ تۆ لە ئەوین
پیر ئەمەی بیست سەری لەقان  لەپڕ چەپڵەیان بۆ تەقان
وتی ئەوین مایەی ژینە  گەلێ خۆشە زۆر شیرینە
کاتێ ئەوین ئێوەی بوێ  لە دووی بڕۆن بە رۆو شەوێ
گەرجی رێگای سەخت و لێژە  گراو لەم کاتەدا گێژە

ئاگای نیە لە خۆی ساتێ / لەگەڵ دەردو خەما راتێ
ئەوین دوو دڵ ئەکاتە یەک / جوو و گاور ئەخاتە یەک
ئەوین خەجی رواڵ دێنێ / بە سیامەندی ئەنوێنێ
ئەوین زین دێنێ بەهێدی / مەم ئەخاتە دەشت و بێدی
ئەوین سەنعان لە هاهوراز / ئەکاتە شوان خووگ و بەراز
ئەوین جوانی ئەداتە گوڵ / ئەوین دەروون دێنێتە کوڵ
ئەوین خواتان ئەخاتە بیر / ئەتانخاتە ناو ڕاو تەگبیر
ئەوین ئەبێتە هۆی کەسەر / ئەبێ لە تەکیا بن تا سەر
ئەوین ژینتان پێ ئەبەخشێ / دیارە بە هیچیش نالەخشێ
ئەوین شتی قەڵب و دزێو / لەبەرچاوتان ئەکاتە زێو
ئەوین نابینێ خزم و خوێش / فەرقی نیە بۆی شاو دەروێش
ئەوین منداڵ دێنێتە بار / تا بچێژێ سەختی ڕۆژیار
ئەوین بەزە ئەخاتە دڵ / دڵ نەرم ئەکاو ئەیکاتە گوڵ
ئەوین هیچی ناوێ لە ژین / بە ئەوینەو ئەبێ بژین
خۆتان بخەنە ئامێزی / تا ماون گشت بگرن ڕێزی
بە تۆ ئەڵێم ئەی لاوی چاک / دڵت بە ئەوین بکە پاک
ئەوین چاکە دێنێتە دی / خۆت بپارێزە لە بەدی
سپاسی خواش بکە هەرجار / کە ئەوینی هێنایە کار

* * * *

ئەوسا لاوێک زۆر بەگرژی / کە رق لە رووومەتی ئەژژی
وتی پیری نەرم و نیان / بکە باسێ تۆ لە ژیان
خۆ من لەگەڵ دەرد هاوڕازم / بەچی ئەم ژینە بنازم ؟
پیر کەوتە ناو بیرێ بێ بن / وتی : لە پێناویا ئەچن
ئەگەر ساتێکی گرینە / هەندێ جاریش زۆر شیرینە
ئەبێ کۆشش بکەن لە ژین / تا بگەنە ئامانج بژین

به کۆشش به ئامانج ئەگەن
لە بەریشیا شادی ئەکەن
بەڵام کەسێک ببێ ئاڵۆز
رووی گرژ بکا لە باو باهۆز
بەرگەی کۆسپی ژیان ناگرێ
سەرناکەوێ و هەر وا ئەمرێ
وەلێ ژینیش تا سەرنیە
ئەو ماوەش بێ کەسەر نیە
تۆفیر ئاکا بۆ پیاوو ژن
تا ئەگاتە هیواو ئۆخژن
دەردو رەنجی زۆری ئەوێ
تاکوو لە ژینا سەرکەوێ
تا ماوە ئەم رێگە بگرێ
سەرئەنجامیش ئەبێ بمرێ
هەموو وڵس و زیندەوەرێ
بەرگی ژیانی ئەوەرێ
ئەوانیش هەر وەکوو مرۆ
خەبات ئەکەن لە شەوو رۆ
کەندو لەند ئەکەنە بەون
لە گەوەی ژین سەر ئەکەون
تا ئەتوانی خەبات بکە
ئەوسا بە ئامانجت بگە

* * * *

یەکێتر هات بە دڵێ پاک
وتی بکە باسێ لە داک
پیری دەریا کەوتە ناوبیر
وتی : دەوڵەمەندو هەژیر
ئەبێ بە داکی خزمەت کا
تا بە دفنانێ گەورە کا
هیچ دڵسۆزێ بە وێنەی داک
پەیدا نابێ هەرگیز لە خاک
ئەرک ئەکێشێ بە رۆژو شەو
تاوێ چاوی ناچێتە خەو
لات وا بێ ئێستا منداڵی
لە ئامێز دایکتا ئەناڵی
شەپۆلی مێهری ئەنوێنێ
تا رۆژ لالات بۆ ئەخوێنێ
گیانی ئەکاتە قوروانت
دەم ئەنێتە سەر لێوانت
هەر چەند قەڵس ونا شیرین بی
هەر چەند لواز و بێ تین بی
جوانی لای ئەو وەک پەڕەی گوڵ
خۆشتی ئەوێ لە کانی دڵ
لە بەر تۆ سەرما ئەچێژێ
بووکی هیوای خۆی ئەنێژێ
نەختێ کۆشتیت کاتێ ئەبی
خێوت ئەکا لە دەس نەچی

تۆ ئەکاتە پیاوێکی شێر   لە دیدارت هیچ نابێ تێر
بۆیە پێغەمبەری گەورە   فەرموویەی لە ئەو دەورە
بەهەشت لە ژێر پێ ی داکانە   داکان لە ریزی چاکانە
ئەبێ پەرای داکت بکەی   تا تۆش بە هیوای خۆت بگەی
تاکوو شیری خۆی کا رەوا   ئەوسا بەخشراوی تۆ لای خوا
ئەگەر صەد ساڵ دەست بدابۆت   خزمەت بکەی بە دایکی خۆت
هێشتا بۆ ئەو شیرە کەمە   کە دایە پێت لە ئەو دەمە
بڕۆ ببە خاکی سەر رێ ی   خۆت بخە ژێری هەر دوو پێ ی

* * * *

ژنێکی زۆر هێژاو بەڕێز   منداڵێکی بوو لە ئامێز
وتی : تۆ ئەی پیری عەبداڵ   بکە باسێ لە سەر منداڵ
پیری دەریا زۆر بە هێدی   وتی : تۆ هەر وەک ناهێدی
تۆش منداڵ بوویت ئێستا داکی   بۆیە وا دڵسۆزو چاکی
منداڵ دیارە میوەی ژینە   باوک و داک بۆ ئەو پەرژینە
هەر کەس نەیبێ بە هیوایە   ئەمەش هەر بە دەستی خوایە
ئەبێ تێکۆشی کە منداڵ   لە کۆمەڵا نەبێ بەتاڵ
هانی بدەی لە بۆ چاکە   چونکە منداڵ دڵی پاکە
ئەبێ زانستی زوو فێرکەی   هەموو دەمێکیش ئەو تێرکەی
کارێ بکەی کە لە ناوخەڵک   بۆ گشت کەسێ ئەو هەیبێ کەڵک
دڵگەرمی کەی رایبهێنی   بەمێهرەوە ئەو بژێنی
بە مەردی ئەو بهێنە بار   تا نەترسێ لە ناو رۆژیار
شێوەی مەردی نەدا لە دەس   نەبێتە هاوەڵی ناکەس
ئەویش بکا پەرای خەڵکی   بۆ خەڵک بیبێ سوودو کەڵکی
ناوی خودا بخە دڵی   نەک دڵی ئەو پەڕەی گوڵی

تا خوا ناس، بێ خوا بپەرسێ — لە ئەھریمەن ھیچ نەترسێ
بەڵام ناتوانی بیری ئەو — بگۆڕی بە بیرێکی نەو
چونکە ھەر کەس بیرێکی ھەس — بەو بیریە شت ئەخاتە دەس
ئەتوانی بۆ لە شی گەرمی — ماڵێک دروست کەی بە نەرمی
بەڵام گیانی پاکی منداڵ — زۆر دوورە بژی لە ناو ماڵ
چونکە گیان بێ جێگەو شوێنە — روون و پاکە وەک ئاوێنە
دەسا منداڵ چاک بەخێو کەن — تا بە ھیوای خۆتان بگەن

* * * *

سەربازێ ھاتە پێشەوە — بە زامێ زۆرو ئێشەوە
وتی : پیری دەریای زەمان — بکە باسێ لە نیشتمان
پیر وتی کە لێتان روونە — دارێک سەوز بێ لەم گەردوونە
چەند ئەرک و ئازاری ئەوێ — ھەتا ئەو دارە سەرکەوێ
گەرچی میوەو بەری ئەخۆن — ئەمێنێتەو ، ئێوەش ئەڕۆن
ئەبێ رۆڵەی ئێوەی ھێژا — بۆ ئەوەی دارەکەی نێژا
رێز دابنێ و بە خێوی کا — تا بەرە کەیشی پێ بگا
نیشتمانیش ھەر وەھایە — ئەگەر ئەبینی ئاوایە
رەنجی باوو باپیرتە — ماوەتەوەو لە بیرتە
نیشتمان بۆ ئێوە داکە — بیپارێزن گەلێک چاکە
کەسێک ھەیبێ ئابڕوو وفەھێت — ئەگەر بە راست ئابڕووی ئەوێت،
ئەبێ زێدی بە دڵ و گیان — بپارێزێ لە ناو ژیان
دوژمن دەرکا لە خاکی خۆی — تفی لێ کاو بڵێ نامۆی
خۆشی بوێ بە گیان و دڵ — ھەتا ئەچێتە ناخی گڵ
بە پێی وتەی پێغەمبەرمان — حب الوطن من الایمان
چونکە مەڵبەند گەلێ جوانە — تیایا بژی و پێی بڕوانە

پەرای پێکە تا ئەتوانی     سەرنج بدەرە کێوانی
گوێ بدەرە قاسپەی کەوی     بە زرووەی ئەستێرەی شەوی
بە جریکەی بولبولانی     بە لارو لەنجەی گولانی
بە زی و گوڵ و ئەرخەوانی     بە گوڵزارو باخی جوانی
بە گوڵڵەو وەرکەمەری     بە شایی و خۆشی و جەمەری
بە باڵندەی جۆر بە جۆری     بە مانگ و ئەستێرەو خۆری
بە پژوێن و لێژی چڕی     بە ماڵات و وڵس و دەڕی
بە رووبارو چەم و باخی     بە رەوەزو ماهـ و شاخی
بە گشت چۆڵگەو کێڵگەودەشتی     بە باخی هەر وەک بەهەشتی
بە کچ و کوڕی زۆر ژیری     بە ئافرەت و پیاوی پیری
تا ئەتوانی تەماشاکە     تیایا پشوو بدەو راکە
ئەوسا ئەزانی ئەو خاکە     بێ خەوش و بێ وێنەو تاکە
خۆت بدە کوشت بۆ نیشتمان     حب الوطن من الایمان

* * * *

یەکێ هات بە گەمەو یاری     وتی : بدوە لە زانیاری
پیر وتی : هەر کارێ لە ژین     ئەنجامی دەن هەتا بژین
ئەبێ بە پێی زانست بیکەن     لەم رێگەوە بە ژیار ئەگەن
بەو هۆیەوە خوا ئەناسن     بەبێ زانست مات و کاسن
ئەگەر هەتانە مەژی و هۆش     دڵتان بە زانست بێتە جۆش
زانین هۆی سەرکەوتن ئێوەس     بەبێ زانین مرۆ لێوەس
بە زانین ئەچنە ئاسمان     سەر ئەکەون لە ناو زەمان
بە هۆی زانست رائەبوێرن     بەبێ زانست وەکوو کوێرن
پێغەمبەری ئاخر زەمان     فەرمووی بەوانەی وانەمان
زانست فێربن تا گیانەلا     هەموو شتێکتان بننە لا

لە ناو بێشکە تا ئەچنە خاک    زانست فێربن بە دڵی پاک
بە دووی زانستدا هەر بڕۆن    بەبێ زانست دیارە تڕۆن
خەڵک هان بدەن زانست فێربن    تا لە بادەی زانست تێربن
زانین سەرچاوەی خۆشی یە    نەزانین هەر پەرۆشی یە
گەوهەرێکی زۆر بە نرخە    توێشووبەرەی پیاو خۆش مرخە

* * * *

هاتە بەر پیاوێ کرێکار    وتی : بکە باسێ لە کار
پیر وتی : گشتتان لە ژیان    ئەبێ کار کەن بە دڵ و گیان
شانتان شل کەن بۆ کار کردن    ئەمە رێتانە تا مردن
هەمووتان ئەبێ کار بکەن    تاکوو بە هەویاتان بگەن
ئێدی چاوتان نەچێتە خەو    رەنج بکێشن بە رۆژو شەو
تاکوو ژینتان بەرێوە چێ    دی پێویستان بە کەس نەبێ
نانی منەت نەخۆن هیچ دەم    بە کار خۆتان دەرکەن لەخەم
ئەگەر کارین و خوا ناسن    بە نێڵەو داس و گاواسن
زەوی هەڵدڕن بە کێشە    هەر چەند کارتان ژان و ئێشە
جار جار خەو ئەتانباتەوە    خوا پاداشتان ئەداتەوە
مەڵێن کە ئەم کارە چیە    کارەو کاریش شەرمی نیە
نان بە ئارەقی ناوچەوان    پەیدا بکەن بیهێننە خوان
با تێر بخۆن کوڕو کاڵتان    زۆر شیرینە نانی گاڵتان
بێکار مەبن هەتا ماون    ئێوە بۆ کار خوڵق کراون
کار بەخششێکی خوایی یە    بێکاریش بێ بڕوایی یە
ئەگەر چی کار ئەرک و رەنجە    بەڵام سەرئەنجامی گەنجە
تۆ ئەی کرێکاری ئازیز    نەژەنجی لە کارت هەرگیز
هەر کارێ کە ئەیکەی بە دڵ    چاک بیکەو هیچ لێی نەکەی سڵ

گوێت نەبێ لە هاشەو هووشە    شانت شل کە گشتی پووشە

* * * *

بەکێتر هاتە پێشەوە    کەوتە ناوی ئەندێشەوە
وتی پیری دەریاو چۆمان    لە قسەوە بدوە بۆمان
پیر لە وەڵامی ئەو پیاوە    وتی قسە خوا دایناوە
قسەو وتە گەلێ سەختە    زانای قسە زۆر خۆش بەختە
بە قسە ژین ئەبەنە سەر    لە دڵ دا دەرئەکەن کەسەر
تێکۆشن قسەی چاک بڵێن    هەر بە چاکەش بدەن بەڵێن
قسەیێک کە هەیە زیان    قسەی وا مەکەن لە ژیان
خوا بەزەیی دێتە کەسێ    بە قسەی چاک بگرێ دەسێ
قسەی خەڵکیش هیچکات مەبڕن    ڕێزی زانای قسە بگرن
قسەی بە نرخ بڵێن بۆ خەڵک    هەتاکوو هەیبێ بۆیان کەڵک
پاشملەی خەڵک هەرگیز مەکەن    بەوە بە هیچ جێ یێک ناگەن
قسەی درۆ مەکەن هیچکات    درۆزن بە هیچ کوێ ناگات
شیرازەتان لە دەست ئەدەن    ئێدی قسەی وەها مەکەن
قسە بوێژن جا بێژن    بە ئارامی هەڵی ڕێژن

* * * *

بەکێتر هات وتی ئەی پیر    دڵم گەلێ بووە زویر
بکە باسێ لە شادی و خەم    خەم دڵم دائەگرێ هەردەم
من چی بکەم تاوێ شاد بم؟    لە خەمی گەردوون ئازاد بم؟
پیر وتی : تۆ گەلێ گەنجی    ئەبێ جارێ هەر بڕەنجی
ئەبێ هەر خەم دڵت داگرێ    لە دڵت دا بێتە گرێ
ئەوسا بە هیوای خۆت ئەگەی    لە بەریا دی شادی ئەکەی
بەڵام شادیش پێچەی خەمە    گەلێ کورتەو ماوەی کەمە

شادی و خەفەت خوشک و بران    بۆ ژیان هەر وەکوو جران
جیا نابنەوە لە یەک هەرگیز    وەکوو دوو دڵدارو شازیز
بەڵام هەندێ لایان وایە    خەم شک و شادی بڕوایە
واتە کەسێک بەبڕوا بێ    شادی لە دڵیا ڕوا بێ
خەموشک نیە لە دڵی    دڵی وەکوو بەڕەی گوڵی
بەڵام کەسێک هەر خەمبار بێ    لە ژینی خۆی هەر بێزار بێ
ئەبێ دڵی پاکەوە کا    هەتاکوو بە شادی بکا
هەندێکیش ئەڵێن کە خەفەت    گەرچی مرۆ ئەکا شەکەت
بەڵام ئەبێ هۆگری بن    وەک جرا لە بەر گڕی بن
هەندێکیش ئەڵێن کە کەسەر    لە لایەن خواوە دێ یەکسەر
هەندێ تر ئەڵێن بەژارە    تۆڵەی دنیایە وەک ژارە

* * * *

یەکێتر هات وتی پیرم    گوناو تۆڵە کەوتە بیرم
پێمان بڵێ : گوناح چیە    گوناهکار بۆ پاکی نیە
من ئەزانم گوناهکارم    چبکەم پاک بم لە ڕۆژیارم
پیر هات و لێوانی بزووت    وتی : خەڵکینە دڵم سووت
ئێوە گوناح چاک ئەناسن    بەڵام هەندێکتان زۆر کاسن
گوێ نادەن بە بەزەو گونا    مێشکی مرۆ ئەکەن کونا
هەر کارێک کە نالەبارە    ئەیکەن دڵتان پێ ی بەربارە
هیچ ناترسن لە خوای بێباک    دەسا ڕێ ی ڕاس بگرن لە خاک
کەمتر گوناه کەن تا ماون    بۆچی خەریک بەندو باون
گوناه دڵ ڕەش ئەکاتەوە    خواتان لە بیر ئەباتەوە
تا زووە پاشگەز بنەوە    بەرمووڕەی پاکی بچنەوە
تۆبە بکەن لە خوای گەورە    کە داهێنەر وەرو هەورە

گوناه دڵتان چڵکن ئەکا    لەشی جوانتان کوڵکن ئەکا
بەتۆ ئەڵێم ئەی لاوی جوان    پاکی بۆ خۆت بکە هەتوان
کەم و زۆری هیچ بۆ نیە    گوناه بە سوودی تۆ نیە
دەسا لادە لە رێ ی چەوتی    ئەوەندەت زانی کە کەوتی
گوناهی خۆت توونا وتوون کە    بە تیشکی خوا دڵت روون کە
لە بەر چی تۆ گوناهئەکەی ؟    لەم رێگەوە بەچی ئەگەی ؟
بۆ نیت بە بیری دوارۆژت ؟    سوودی چیە لۆزە لۆزت
بۆ گیرۆدەی هیوای خاوی ؟    نازانم تۆ دی چۆن ماوی؟
تۆزێکیش بیر لە مردن کە    لە خوا داوای لێ بوردن کە
بەرگی پاکی بکە بەرت    تا شاد بێ هەی خاک بەسەرت

* * * *

یەکێتر وتی : بە شادی،    بکە باسێ لە ئازادی
پیر وتی : گشتتان ئازادن    هەمووتان بە سروشت شادن
بەڵام هەندێ دێتە سەر کار    خۆی ئەکاتە پاشاو خونکار
ئازادی لە مەردم ئەبڕێ    بە خوێنی خەڵک تانجی ئەکڕێ
بیرو هۆش لە خەڵک ئەستێنێ    بە جارێ زۆریان بۆ تێنێ
دی ئەو خۆی ئەکاتە خێویان    بزە نایێتە سەر لێویان
دڵی خەڵکی ئەکاتە خوێن    دی خەڵک حلۆن بێ ی، نەدەن جوێن
وەلێ هەر رۆژی دێتە بەر    خەڵک بەرگی شادی کەنە بەر
ماوەی ئەوانەش دێتە سەر    خەڵک دەرئەچێ لە ناوکەسەر
دەرئەچن لە رێ ی کەندولەند    ئازاد ئەبن لە کۆت و بەند
پاشاو خونکار گشت دەرئەکەن    هەموو بە ئاواتیان ئەگەن
تامی ئازادی ئەچێژن    زۆری زۆرکاریش ئەنێژن
هەرچی لە دڵیانە ئەیڵێن    ملهوڕانیش ئەبێ هەڵێن

ئەوسا جێنی بێ دارو ماڵ    هەر لە شوانی رووت و رەجاڵ
تا ئەگاتە پاڵەو جووتیار    هەموو خۆیان ئەکەن تەیار
لە ئازادی کەڵک وەرئەگرن    خۆشی ژیانی پێ ئەکڕن
ئیتر کەسێ بەریان ناگرێ    زۆرکاریش هیچی پێ ناکرێ
ئەوسا هەموو بە ئازادی    ئەژین هەر وەک یەک بەشادی

×+×+×+×+×

یەکێتر هات وێنەی ئاگر،    هەر وەک تۆفی وڵات داگر
وتی : تۆ ئەی پیری بەجەرگ    بکە باسێ لە بارەی مەرگ
پیر وتی : لوژن یا لەکن    ژین و مەرگ هەر وەکوو یەکن
وەکوو ئاوی دەریاو چەمن    هەر وەکوو شادی و خەمن
بەڵام ژیان گەلێ کورتە    گەرچی زۆر شیرین و خورتە
وەکوو وەرمو خەو هەر وایە    لە ژێر فەرمانی خووایە
ئەبێ هەتا ماون ساخن    وەکوو نەمامی ناو باخن
لەگەڵ خەڵکا چاکە بکەن    تا بە دەروازەی مەرگ بگەن
ئازاری کەس مەدەن لە ژین    بە خۆشی و شادیوە بژین
تا ئەتوانن بۆ کاری چاک    تێکۆشن بە دڵێکی پاک
تاکوو مەرگتان بۆ ئاسان بێ    کارتان لەگەڵ پیاوخاسان بێ
کاتێ مەرگ بێ گیانیش ئەفرێ    ئەڕواو رێگەی ئاسمان ئەبڕێ
لەشیش ئەبێتە خاک و خۆڵ    تۆزی ئەڕواتە کەژو دۆڵ
ئاگای نابێ لە هیچ کەسێ    مەر لە رۆی دوایی داهەڵسێ

* * * *

پیر کە قسەکەی دەربڕی    پاشان سەری خۆی هەڵبڕی
وتی : دی من لێرە ئەڕۆم    ئیتر خەمی ئێوە ئەخۆم
بەڵام ئەوەی وتم پێتان    بە کاری بەن روونە رێتان

ئەمڕۆش چووە سەر وەک دوێنێ     ئێوەش هەر . ئەگەنە شوێنێ
لە بیرتان هیچ نەچێ ئێوە     هەر خوای گەورەتان بۆ خێوە
ئەگەر ڕۆژو وەگەر شەو بێ     هیواو ئومێدتان بە ئەو بێ
ئەمەی وت و خۆی نوقم کرد     لەپڕ شەپۆل دەریای داگرد
بووە هەورو باوو بۆران     ماسی لە ناو ئاوا تۆران
ئەوسا هەموو بەو گشت هەورە     سپاسیان کرد لە خوای گەورە
کەشتیەکەی ئێمەش دی ڕۆیشت     بە خانووی هیوامان گەیشت



# فەرهەنگۆک

( ئا )

ئامانج : ئارمانج ، کولک ( هدف ).

ئامێز : باوش ، باوەش ، واوشە ( حضن ).

ئۆغزن : خۆشی، شایی ( فرح ).

ئەز : مـن ، مـۆ ( انا ).

ئەوین : ئەڤین ، سەودا ( عشق ).

ئەهریمەن : مرگ ، پەری ڕەشک ( شیطان).

ئەهوەن : هێمن ، ئارام ( هین ).

( ب )

باهۆز : باهۆس ، رەشەبا ( سموم ).

بوولێڵ : بوومەلێڵ ، کازیوە ، تاریک و لێڵی بەرەبەیان (فجر ).

بەرمووره : ملوانکە ، گەردەوەن ( قلادە ).

بەزە : بەزەیی . گوناح ( مرحمة . ذنب ).

بەون : بووره ( بائرة ).

بێ داروماڵ : هەژار ، هەژیر ، بێ نەوا ( فقیر ).

بێدی : چۆڵ ، بیاوان ، شەپال ( بادیة ).

( پ )

پاشگەز : پەشیمان ( نادم ).

پاشملە : پشتملە ، پاشکۆتینی( غیبة ).

پۆل : دەستە ، گرۆ ( فرقة ).

پەرا : ئوودە ، خزمەت ( خدمة ).

پەرژین : پەرچین ، پەرجان ، تەیمان ( سیاج ).

پەردنگ : پۆلوو ، پشکۆ ، سکڵ ( جمرة ).

پیاوخاص : پیاوچاک ( صالح ).

( ت )

تاف : تاڤگە ، قەڵوەز ، ئاوڕێژ ( شلالة ).

تۆزی : سۆڵی ، هاتەپێش ـ لە ( تۆزاندنەوە ) وەهاتوە (ا یلام ).

تەزین : سڕبوون ( خدر ).

تەڵە : داو ، داڤ ، چەنبەر ( حبالە ).

( ج )

چۆم : چەم ( نهر ).

چیا : کێو ، کێف ، شاخ ، ماھ ، بەن ، کەژ ( جبل ).

( خ )

خاس : چاک ، باش ، رند ( جید ).

خورت : جوان ، دەلال ، قۆز (جمیل ).

خونکار : خوندکار ، پاتشا ( سلطان ).

خووگ : بەراز ، وەراز ( خنزیر ).

خێو : ماخۆ ، خاوەن ، خودان ( صاحب ).

( د )

دزێو : ناحەز ، ناشیرین ( قبیح ).

دفنان : چاکە (ثواب ) .

دەڕ : مالۆس ، بەرازی مێ ( خنزیرة ).

دەڵەک : جانەوەرێکە کە لە هاوین دا رەنگی سوور هەڵئەگەڕێ و لە زستان دا سپی ئەنوێنێ و پێستەکەی

زۆر بایی داره ( قاقم ).

( ر )

رابووین : هەڵساین ( قمنا ).

راز : کێو ، ماه ( جبل ).

راسی : زەوی تەخت و نەرمان ( سهل ).

رۆژیار : رۆجیار ، رۆزگار ( عصر ).

رەجاڵ : رووت ، زەلووت ( عریان ) .

رەوەز : تیشە بەردی سەخت ( حجرصلب ).

رێز : قەدر ( احترام ).

( ز )

زریە : دەلیا ، دەریا ( بحر ).

زۆروزەبەند : شتی زۆر ( کثیر ).

زویر : دڵگیر ، ئاڵۆز (متغیظ).

زەوین : زەوی ، ئەرد ( ارض ).

زی : دڕک ، دڕوو ، ستری، چقڵ ( شوک ).

زیپ : لێمشت ، تۆفان ( عاصفة ).

زیندەوەر : زیندەوار ( الکائنات الحیة ).

( س )

سڵ : رەم ، چڵەکە ( تباعد ).

سڵ کردن : رەم کردن ، کۆکردن ( امتناع ).

سەروان : سەرۆک ، سەرەک ( رئیس).

( ف )

فەهێت : ئابڕوو ، ئاوڕوو ، ئاڤڕوو ( عصمة ).

( ق )

قۆجەقانی : قەڵماسک ، کوچکانی، بەرقانی ( مخدفة ).

قوژبن : گۆشە ، سووچ ( زاویة ).

قەپۆز : پۆز ، پۆزە ( خطم ).

قەڵب : خراپ ، ناپەسەند ( ردیْ ).

( ک )

کۆسپ : قۆرت ، پەتەر ، وەی ( مصیبة ).

کەژوکاو : کەژوکێو ( جبال ).

کەسەر : خەفەت ، پەژارە ( غصة ).

کەڵکەڵە : رامان ، خەیاڵ ( خیال ).

کەندولەند : بەرزونەوی ، بەرزونزم .

گراو : سەوداسەر، دڵبراو ( عاشق).

گۆبەند : گۆبەن ( طرب ).

کەپ : گەورە ( عظیم).

گەنج : لاو، جوان ( شاب ) .

گەوە : پێچی کێو ( موقع اعوجاج الجبل).

گیانەلا : گیانەڵا، ئاویلکە، ئاوزینگ ، ئاکام (اجل).

گێچەڵ : ئاپۆرە، رووشە ( بلاء ).

( ل )

لاو : گەنج ، جوان ( شاب ).

لەز : پەلە، هەشتاو، تاڵووکە ( عجلة ).

لێڕ : دارستان ( غابة ).

( م )

ماف : هەق ( حق) .

ماه : کێو، چیا ( جبل ).

مەر : مەگەر ( الا ).

مەشیە : باوکی مرۆ ( آدم ).

( و )

وڵس : ماڵات ( حیوان ).

ون : گوم ( مفقود ).

ون بوون : گوم بوون ( فقدان ).

وەرم : خەو، خاو (نوم).

وەرهەم : پەنام، ئاماس ە پەژارە، کەسەر ( ورم. حزن).

وەڵام : بەرسیڤ (جواب ).

( ه )

هۆگر : ئۆگر ( مالوف ).

هۆگربوون : ئۆگربوون( تآلف ).

هەتوان : مەڵهەم ( مرهم ).

هەژان : جووڵان ، شەکانەوە ( اهتزاز ).

هەژیر : هەژار ( فقیر ).

هەل : درەفەت ( فرصة )

هەویا : ئومێد، هیوا ، هیڤی ( امل ).


هێدی : ئەسپایی، ئارام ( هین ).

هێدی بوونەوە : ئارام بوونەوە ( سکون ).


هێما : دیاردی ، ربک ، موور ( اشارة ).

( ی )


یای : بانۆ، ستی ، خات ( سیدة ).



وێنەی هۆنەر لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دا کە ئەم هۆنراوانەی هۆنیوەتەوە.



وێنەی هۆندر لە تەمەنی ٢٢ ساڵی دا کە ئەم هۆنراوانەی هۆنیوەتەوە.



## شوێنەوارە چاپکراوەکانی نووسەر بە زمانی کوردی:

١ـ گۆڕینی چوارخشتەکیەکانی خەییام ـ تاران ١٣٥٨.
٢ـ گەڕانەوە سەرخۆ لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی ـ تاران ١٣٥٩.
٣ـ سیمای موحەممەد لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی ـ تاران ١٣٥٩.
٤ـ داهاتووی ئیسلام لە عەرەبی‌یەوە بۆ کوردی ـ تاران ١٣٥٩.
٥ـ داستانی راستان لە فارسی‌یەوە بۆ کوردی ـ تاران ١٣٦٠.
٦ـ پێش بینی‌یەکانی عێل بەگی جاف ـ تاران ١٣٦٠.
٧ـ گۆڕینی دووبەیتی‌یەکانی بابە تایەری هەمەدانی ـ تاران ١٣٦٠
٨ـ هیوا (کۆمەڵە هۆنراو) ـ تاران ١٣٦٠.
٩ـ صلاح‌الدینی ئەیووبی ـ تاران ١٣٦١.

## چاوەڕوانی ئەم پەڕاوانەی تری نووسەر بن:

١ـ مێژووی وێژەی کوردی (لە چەند بەرگدا).
٢ـ **خەسرەوو شیرینی خـانای قوبادی**
٣ـ پێش بینی‌یەکانی خان ئەڵماسی لورستانی.

۴ـ مێژووی نەتەوەی کورد ـ لە کۆنەوە تا پەیدابوونی ئیسلام.

۵ـ تەلای دەستەوشار یا مێژووی بویژانی هەوشار.

۶ـ شەماڵ و زەلان (بەهۆنراوو پەخشان).

۷ـ کوردو نەوڕۆز (مێژوو).

۸ـ پەندی پێشینان (کۆمەڵە پەندی باوو باپیرانمان).

۹ـ تەختی سلێمان یا ئاگرگای شیز (مێژوو).

۱۰ـ ڕاپەڕینی کاوەی کورد (مێژوو).

۱۱ـ وتەکانی زەردەشتی مادی (بەهۆنراو).

۱۲ـ دیوانی بۆرەکەیی.

۱۳ـ بەختەوەری (چیرۆك).

۱۴ـ کۆزانی (بەهۆنراو).

۱۵ـ کۆمەڵە وتار (وێژەیی و مێژوویی).

۱۶ـ ناسینی ڕاستەقینەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام.

۱۷ـ هۆزی بۆرەکەیی.

۱۸ـ تەفسیری بۆرەکەیی (ڕاڤەی قورئانی پیرۆز).

۱۹ـ تحفة الانبیاء (بە هۆنراوی کوردی و عەرەبی).

۲۰ـ فەرهەنگی بۆرەکەیی (لە کوردییەوە بۆ کوردی).



# PIRI DARIA
(POEM)

Seddigh Borakaei (Safizadeh)

ئەوین دوو دڵ ئەکاتە یەک

جوو و گاور ئەخاتە یەک

ئەوین خەجی رووال دێنێتێ

بە سیامەندی ئە   نوێنێ

ئەوین زین دێنێ بەبێندی

مەم ئەخاتە دەشت و بێدی

ئەوین جوانی   ئەداتە گوڵ

ئەوین دەروون دێنێتە کوڵ

ئەوین ئەبێتە هۆی کەسەر

ئەبێ لەتەکیا بن تا سەر

۳۰ تومان

۴۲ تومان